وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەتوندی سەرکۆنەی هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق و سوریا دەکات

وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕۆژی شەممە ڕایگەیاند، "هێرشەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا سەرکێشی و هەڵەیەکی ستراتیژییە و تەنها دەبێتە هۆی زیادبوونی گرژی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا"، لە کاتێکدا سەرکۆنەی هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق و سوریا کرد.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ناسر کەنعانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "بە توندی ئیدانەی هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ناوچەکانی سوریا و عێراق دەکەین و بە پێشێلکردنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی هەردوو وڵات دەزانین و جەختی لەوە کردەوە کە هێرشەکانی ئەمەریکا سەرکێشی و هەڵەیەکی ستراتیژی بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکایە".

حکومەتی عێراق ڕۆژی شەممە ڕەتیکردەوە کە خاکی عێراق وەک گۆڕەپانێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی وڵاتان بەکاربهێنرێت و جەختی لەوە کردەوە کە "بوونی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کە لە دەرەوەی ئەو ئەرکانە بوو کە پێی سپێردرابوون و ئەو فەرمانەی پێی بەخشرا، بووەتە هۆکارێک بۆ هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایش و سەقامگیری عێراقدا".

وتەبێژی حکومەتی عێراق، باسم عەوادی لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن ئاژانسی "موتەڵەع"ەوە وەرگیراوە و تیایدا وتی؛ "بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا هێرشێکی نوێی دژی سەروەری عێراق ئەنجامداوە، چونکە شوێنی

هێزە ئەمنییەکانمان لە ناوچەکانی عەکاشات و قائیم، جگە لە شوێنە مەدەنییەکانی نزیک ئەم بنکانەی کە بە ئامانج گیراون، بە بەردوومانکردنی چەند فڕۆکەیەکی ئەمەریکی، ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئەو هێرشە ئاشکرایە بووە هۆی بەرزبوونەوەی 16 شەهید، لەنێویاندا هاووڵاتیانی مەدەنی، لەگەڵ برینداربوونی 25 کەس، هەروەها بووە هۆی زیان و زیانگەیاندن بە بینای نیشتەجێبوون و موڵکی هاووڵاتیان".

سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕۆژی شەممە ڕایگەیاند کە "22" کەس کوژراون و برینداربوون لە ئەنجامی بەردومانەکانی ئەمەریکا بۆ سەر شاری قائیم لە ڕۆژئاوای عێراق، سەرچاوەکە وتیشی: "13 کەس کوژراون بەهۆی بەردوومانەکانی ئەمەریکاوە لە ناوچەی قائیم" و ئاماژەی بەوەشکرد "9 کەسی دیکە برینداربوون".

هەروەها جەختیکردەوە، "قوربانییەکان لە نێوان هاووڵاتیانی مەدەنی و ئەندامانی حەشدی شەعبیدا دابەشکراون".

شایەنی باسە، ژمارەیەک لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار بەتایبەتی شاری قائیم لە ڕۆژئاوای عێراق لە بەیانی ڕۆژی شەممە لە ئەنجامی هێرشە چڕەکانی ئەمەریکا کە شوێنی جۆراوجۆری گروپە چەکدارەکانی شارەکەیان کردە ئامانج، شەوێکی سەختیان بینی و بووە هۆی کەوتنەوەی چەندین قوربانی.